## هەواڵی ڕۆژنامەوانی

دەستەی ئاماری هەرێم ماوەیەکی زۆرە لە گەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار لە هەوڵ دایە بۆ جێبەجێکردنی ڕووپێوێکی تایبەت بە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان. ئەم ڕێکخراوە بڕیاری داوە پاڵپشتیی تەکنیکی و دارایی ئەم ڕووپێوە لە گشت عێراق بکات و دوایین تازەکردنەوەکان لە چەمك و پێناسە تایبەتەکان بە هێزی کار بخاتە نێو بەرنامەی ڕووپێوەکەدا. قۆناغی ئامادەکارییەکانی ئەم ڕووپێوە لە کۆتاییدایە و بڕیارە لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا خولەکانی ڕاهێنانی تایبەت بە بەشداربووان لە کاری مەیدانیی ئەم ڕووپێوە بەڕێوە بچێت و دواتر کاری کۆکردنەوەی داتاکان لە مەیدان ئەنجام بدرێت و بەر لە کۆتایی ساڵ ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە بخرێنە بەردەست لایەنە پەیوەندیدار و سوودمەندەکانی ئەم ڕووپێوە.

بۆ تاوتوێ کردنی دوایین هەوڵەکان و خستنە ڕووی هەنگاو و قۆناغەکانی داهاتووی ئەم پرۆژەیە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی 2021/5/11 لە دیوانی دەستەی ئاماری هەرێم دوو کۆبوونەوە سەبارەت بە جێبەجێکردنی ڕووپێوەکە بەڕێوەچوون.

کۆبوونەوەی یەکەم کاتژمێر 9:00 ی سەرلەبەیانی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئامار لە پارێزگا و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا. لە کۆبوونەوەکەدا، کە بە شێوەی ئۆنلاین بەڕێوەچوو، سەرەتا سەرۆکی دەستە دوایین هەوڵەکان و هەنگاوەکانی پەیوەست بە جێبەجێکردنی ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان خستە ڕوو و دواتر تاوتوێی جێبەجێ کردنی ڕووپێوەکە کرا و گشت بەڕێوەبەرایەتییەکان سەرنج و تێبینییەکانیان لەم بارەیەوە خستە ڕوو و گفتوگۆیەکی تێر و تەسەڵ لەم بارەیەوە بەڕێوەچوو. گشت ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە جەختیان لە سەر گرنگیی ئەنجامەکانی ئەم ڕووپێوە بۆ لایەنە بڕیار بەدەستەکان و پلاندانەرانی حکومەتی هەرێم کردەوە و پاڵپشتیی خۆیان بۆ بەڕێوەچوونی ئەم ڕووپێوە بە باشترین شێوە، دەربڕی.

کۆبوونەوەی دووەم کاتژمێر 10:30 خولەکی سەر لەبەیانی لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتەکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، پەروەردە، و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەڕێوەچوو. لەم کۆبوونەوەیەدا دوای بەخێر هێنانی بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لە لایەن سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمەوە، کورتەیەك سەبارەت بە پێشینەی جێبەجێکردنی ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان خرایە ڕوو و دواتر هەوڵەکانی پەیوەست بە دوایین ڕووپێوی هێزی کار کە لەم ساڵەدا بەڕێوە دەچێت بۆ ئامادەبووان ڕوون کرانەوە. لە کۆبوونەوەکەدا گرنگیی نیشاندەرەکان و ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە بۆ ئەم سێ وەزارەتە و چۆنیەتیی سوودوەرگرتن لێیان تاوتوێ کرا و هانی لایەنە بەشداربووەکان درا بۆ زۆرترین کارپێکردن بە ئەنجامەکانی ئەم ڕووپێوە بۆ درووستبوونی هاوسەنگی لە نێوان بازاڕی کار لە لایەك و پەروەردە و خوێندنی باڵا لە لایەکی تر و هەروەها بۆ دابەزاندنی ژمارەی دەرچووانی بێکار لە هەرێمی کوردستان بۆ نزمترین ئاست.